# کۆنفرانسی شانۆی کوردی لە سلێمانی

بەچاودێری بەڕێز( نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شانۆی سالار(کۆنفرانسی شانۆی کوردی) بە دروشمی ( لەپێناوی ئەو شانۆ گەشەی خۆزگەی شانۆکارانە) لە ڕۆژانی 4 بۆ 2007/12/6 لە هۆڵی ئۆتێلی سلێمانی پالاس سازدەکات.

لەم کۆنفڕانسەدا بەرنامەیەکی چڕوپڕ بەڕێوە دەچێ و بەمجۆرە:

*ڕۆژی یەکەم، سێ شەممە (12/4)کات(3)ی پاش نیوەڕۆ:

(هەڵبژاردنی لیژنەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفڕانس)

1-مەراسیمی کردنەوەی کۆنفڕانس و خوێندنەوەی وتارەکان.

2-پێشکەشکردنی بابەتی یەکەم لەلایەن هونەرمەند (سەباح عەبدولرەحمان) بەناوی(دەزگای شانۆی نەتەوەیی کورد).

3-بابەتی دووەم لەلایەن توێژەر (د.ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ) بەناوی(تێکستی شانۆ لە پرۆژەی بونیادنانی شانۆی نەتەوەیی کوردیدا).

4-بابەتی سێیەم لەلایەن هونەرمەند(نیهاد جامی) بەناوی(ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزمونگەریی کوردیی).

* ڕۆژی دووەم، چوارشەممە(12/5) کات(9)ی سەر لە بەیانی:

1-بابەتی هەردوو هونەرمەند(ئیبراهیم چێوار و هۆرێن غەریب) بەناوی(ئەندامێتی کورد لە ئینستیوتی شانۆی جیهانیدا).

2-بابەتی هونەرمەند(مۆفەق عارف لهۆنی) بەناوی(ڕەوتی شانۆی منداڵ لە بزوتنەوەی شانۆی کوردیدا).

3-بابەتی هونەرمەند(شوان عەتوف) بەناوی( ئەکتەر و هونەری نواندن لە شانۆی کوردیدا).

* دانیشتنی دووەم، کات(4)ی پاش نیوەڕۆ

1-بابەتی هونەرمەند(د.فاضل خليل) بەناوی( الحركة المسرحية العربية و تأسيس الفرق المسرحية).

2-بابەتی هونەرمەند(یاسین قادر بەرزنجی) بەناوی(بینەر لە دوێنێ و ئەمڕۆی شانۆی کوردیدا).

پاشانیش:

-کۆبوونەوەی لیژنەی بڕیار و ڕاسپاردەکان لەگەڵ نوێنەرانی سەرجەم تیپەکان و دەزگا شانۆییەکان و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان بۆ داڕشتن و پاکنووسی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفڕانس.

*ڕۆژی سێیەم، پێنج شەممە(12/6)کات(10)ی سەرلەبەیانی:

-ڕاگەیاندنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفڕانس .

-مەراسیمی کۆتایی پێهێنان.

<u>ڕاگەیاندنی شانۆی سالار</u>